The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# له یادی 8000 بارزانیدا

## با ڕۆژی 31-7 , ڕۆژی بێسەروشوێنکردنی 8000 شەهیدی بارزانی , هەموو بەیەك دەنگ پێکەوە بڵێین " سەرجەم تاوانبارانی کوردستان بۆ دادگا "

له ڕۆژی 31–7ی ئەمساڵ , 24 ساڵ بەسەر بێسەروشوێنکردن و شەهیدکردنی 8000 بارزانی تێدەپەڕێت , 24 ساڵ پێش ئێستا ڕژێمی دڕندەی بەعس له ڕۆژەکانی 31–7 و 10–8 دا , زیاتر له 8000 بارزانی نێرینەیان, له سەروی 10 ساڵییەوە , زۆر بێویژدانانه به کۆمەڵ له ئۆردوگاکانی قوشتەپه و بەحرکەو حەریر گرت و دوایی به کۆمەڵ له بیابانەکانی باشوور شەهیدیانیان کرد , تا ئێستا نزیك به 500 تەرمی ئەوان دۆزراوەتەوەو هێنراوەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان .

ژیانی پڕ له دەردو مەینەتی پاشماوەی ئەو قوربانیانه , مەرگەساتی دایکان و خوشکانی بارزانیمان , هەموو ویژدانێکی زیندووی ئازار دەدا , بەردەوام ڕق و تۆڵەی له بەعسییەکان و نۆکەرانی له ویژدانمانا دەچاند .

ئەمڕۆ له کاتێکدا یادی ئەو ئازیزانەمان دەکەینەوە , دۆسییەی دادگایی تاوانباران له پای تاوانی ئەنفال کۆتایی پێهات , مەخابن هەموو تاوانکاره سەرەکییەکانی ئەو تاوانه که سەدام و بەرزان تکریتی بوون بێلێپرسینەوه لەسەر ئەوتاوانه بۆی دەرچوون . ئێمه له پارساڵدا له یادی 8000 بارزانی ئازیزماندا وتمان و داوامان کرد " ئێمه لەم یاده پڕ له تراژیدیاو کارەساتاوییەدا , گەلەکەمان هوشیار دەکەینەوه , به هوشیاری و وردبینییەوه چاوەڕوانی پرۆسەی دادگاییەکان ببین و , ڕێگه نەدەین هیچ تاوانێکی ڕژێم , بەرامبەر به گەلەکەمان , بەبێ دادگاییکردنی تاوانباران له سەری به سەرماندا تێبپەڕێت , له بەرامبەر هەر چاوەڕوانکراوییەکی لەم چەشنەدا , دەبێت هەموو جەماوەری کوردستان بڕژێنه سەر شەقامەکان به توندی دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوه , هەروەها له حالەتی وادا بێدەنگی حکومەتی کوردستان و هێزه سیاسییەکانیش خەتایەکی گەورەی مێژوییه بۆ هەتا هەتایه لێی دەرناچن , بۆیه دەبێت به هوشیاری و وردبینییەوه چاوەڕوانی وردەکارییەکانی دادگا ببین و خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئاماده بکەین , ئەوەی بۆ ئێمه گرنگه دادگاییکردنی تاوانبارانه , نەك ئیعدامی به پەلەی تاوانباران و شاردنەوەی ئەو تاوانانەی بەرامبەر به گەلەکەمان ئەنجامدراوه , تەنها له ڕێگەی دادگاییکردنەوەیه قەوارەی تاوانەکان و مەزڵومیەتی گەلەکەمان بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەبێت , دەردەکەوێت ژیانی کورد له ژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەران هەموو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایده " .

مەخابن ئەو داوایەمان نەهاتە دی و کەسیش گوێی لێنەگرتین و وتەکەمانی بەهەند نەگرت , کەیسی بارزانییە خۆشەویستەکانیشمان پشتگوێ خرا , هەڵەبجە فەرامۆشکرا , گوێ لە فەیلییەکان نەگرترا , ئاوارەکانی کەرکوك و ناوچە تەعریبمراوەکان بێمافکران ... .
لە یادی 24 ساڵەی ئەم کارەساتە جەرگبڕە , داواکارین ڕۆژی ئەو تاوانە گەورەیە بکەینە , ڕۆژی داواکاری گشتی بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران , ڕۆژی بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ خیانەتکاران , ڕۆژێك هەموو پێکەوە بڵێین هەموو تاوانکاران بە بێجیاوازی بەرەو دادگا .

**بەرز و بەڕێز بێت یادی 8000 بارزانی خۆشەویستمان**
**ڕیشەکێش کرێت بەعس و بەعسیزم لە کوردستان**
**بژی دادپەروەری**

**ناوەندی چاك**

**2007–7–24**

**www.chak.be**